السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# پیاوێک دەستنوێژی گرت وبە هێندەی شوێنی نینۆکێک لە پێیەکانی نەشۆردبوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم پیاوەی بینی، وپێی فەرموو: «بگەڕێوە بە ڕێکی وجوانی دەستنوێژ بگرە

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: عومەری کوڕی خەتاب پێمی فەرموو: پیاوێک دەستنوێژی گرت وبە هێندەی شوێنی نینۆکێک لە پێیەکانی نەشۆردبوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم پیاوەی بینی، وپێی فەرموو: «بگەڕێوە بە ڕێکی وجوانی دەستنوێژ بگرە»، بۆیە گەڕایەوە (دەستنوێژی گرت)، پاشان نوێژی کرد.
[صەحیحە بە شەواهیدەکانیەوە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پیاوێکی بینی کە دەستنوێژگرتنی تەواو کردبوو، وبە هێندەی شوێنی نینۆکێک لە پێیەکانی ئاوی دەستنوێژ پێی نەگەیشبوو، لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ ئەو شوێنە کە نەیشۆردبوو، فەرمووی: بگەڕێوە بە ڕێکی وتەواوی دەستنوێژ بگرە، وئەندامەکانی بشۆرە پیاوەکەیش گەڕایەوە ودەستنوێژی بەکاملی گرت، پاشان نوێژی بە جوانی دەست کرد.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8386

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee